

# کاتێک سیاسەت ئاڕاستە ڕاستو دروستەکانی لەدەست دەدات

د. بورهان ا. یاسین

بەشی دووەمو کۆتایی

**قەیران: ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵات**

بە گشتی لەدوو شێوە بۆنەدا سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی هێزە سیاسیەکان رێکدەخات. یەکێکیان کاتی سەفەرێکی دەرەوەی کردبێ بۆ گێڕانەوەی "سەرکەوتنەکانی خۆی" لە سەفەرەکانیدا وە ئەوەی تریشیان کاتێ دەکەوێتە تەنگانەو قەیرانی جددیەوەو پێویستی بەوەیە کە قەیران بەسەر ئامادەبووانی کۆبوونەوەدا "دابەش بکات"و بیانکا بەشەریکی قەیرانەکانی خۆیو دەسەڵات. لەڕاستیدا ئۆپۆزیسیۆن نە پێویستیەتی گوێبیستی "سەرکەوتنەکانی دیپلۆماسیەتی سەرۆکی هەرێم" بێ وە نەپێویستیەتی خۆی بکات بە"شەریك لەقەیرانێك" کە رێك دەرهاوێشتەی سیاسەتی چەوتی دەسەڵات خۆیەتیو بەرهەمی کاری تاکڕەوانەی هەندێك لەسەرکردە هەرە باڵاکانی ئەو دەسەڵاتەیە.

لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین ئامادەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لەکۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم لە ٢٢ی ئەم مانگەدا (نۆڤەمبەری ٢٠١٢) هەنگاوێکی ناکارامە بوو وە زیاتر بەرهەمی بزوانی هەندێ هەستو نەست بوو کە لەسیاسەتێکی عەقڵانیدا جێگەی نابێتەوە: ١) بەباوەڕی خۆم ئەم ئامادەبوونە، کەم یا زۆر، ئیمزاکردنی شێکێکی سپی بوو بۆ دەسەڵات، یا ڕاستتر بڵێین بۆ سەرۆکی هەرێم. ئەگەر چی گرنگە هەر زوو ئەوە بڵێین کە گومان لەوەدا نیە ئۆپۆزیسیۆن ئەو تێگەیشتنە ڕەد دەکاتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە (واتە بۆ ئیمزاکردنی شێکێکی سپی) ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بووبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا گەر سەرۆکی هەرێم بەم شێوەیە لەو ئامادەبوونە گەیشت وە هەنگاوەکانیشی بەرەو قوڵبوونەوەی تەنگەژە لەسەر تێگەیشتنێکی ئەوها بینا کرد ئەی ئەو کاتە چی؟؛ ٢) ئەوەی کە پەیوەندی بەگۆڕانەوە هەیە، دەمێکە باوەڕم وایە کە دەسەڵات مەراقیەتی وە لەسەر هەموو ئاستێكو بەهەموو ئامڕازێك کار بۆ ئەوە دەکات کە گۆڕان لەژمارەیەکی "موتەمەییز" بکات بەژمارەیەکی نۆرماڵ (تۆ بڵێ ئاسایی) وە لەژمارەیەکی "گەورە" بیکات بەژمارەیەکی بچووك (هەڵبەتە مەبەست لەژمارەی موتەمەییزو ژمارەی گەورە هەردوو ڕەهەندی چۆنایەتیو چەندایەتییە). زۆر بەکورتیو بەچڕی، مەبەستی دەسەڵات کاڵکردنەوەو بێڕەنگکردنی ئەو بزاڤەیە، بگرە لەوەش زێتر لەڕێگەی ئەوەی کە گۆڕان دەکا بە بەشێك لەسیاسەتێکی گشتگیرتر (بەبیانۆی مەسەلە نەتەوەییەکان)، کە لەڕاستیو بنەڕەتدا مەسەلەی نەتەوەیی نین بەڵکو درێژبوونەوەی سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵاتە لەساڵانی ڕابردوودا، وا لەگۆڕان دەکات کەڕێك ڕەنگی دەسەڵات وەربگرێ. ئەوەش یارمەتی نادات سەرکردەکانی گۆڕان هەر بەهانەیەك بهێننەوە، بەڵکو گرنگ ڕێك دەرهاوێشتەکەیە کە ئەویش بوونی بزاڤی گۆڕانە بەشەریك لەسیاسەتە شکستخواردووەکانی دەسەڵات؛ ٣) بەباوەڕی خۆم ئەو ڕاگەیێندراوەی کە لەو کۆبوونەوەیە کەوتەوە تا بڵێی سەرپێیو گەواهیدان بوو بەدەسەڵات وە لەناوەڕۆکیشدا زۆر لاواز بوو، بە بەراورد لەگەڵ جددیەتی ئەو ساتو کاتەی کە ئێستا باشووری کوردستان بەرەو ڕووی بۆتەوە. لەبەرامبەر ئەوەدا، بە باوەڕی خۆم ئەوە کاتێکی زۆر گونجاو بوو کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوها بەئاسانیو بەئەرزانی (واتە بەبێ ئەوەی کە دەسەڵات هیچ تەنازولی لەمەسەلە بنچینەییەکاندا کردبێ)، "شێکە سپیەکەیان" بۆ سەرۆکی هەرێم مۆر نەکردایە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەوە رێك ئەو کاتە لەبارەیە بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە دەسەڵات هوشیار بکاتەوەو بەئاگای بهێنێ؛ ئەوەیە رێك ئەو کاتەی کە تیایا ئۆپۆزیسیۆن کۆمەڵێ تەنازولی ناوخۆیی بەسەرۆکی هەرێم بکات. من باوەڕم وایە بزاڤی گۆڕان لەژێر کاریگەری هەستو نەستێکی ورووژێنراو و هەواوکەشێکی سایکۆلۆژی تەشەنە بووەوە چووە کۆبوونەوەکە؛ ٤) لەڕاگەیندراوەکەدا، بۆ نموونە، ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە هەڵبەتە بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، پشتگیری لەهێزی "پێشمەرگە" دەکەن، ئەو هێزەی بەردەوام جێگەی ڕەخنەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بووە. بگرە کەمیش نین ئەو دەنگانەی لەئاستی جددیەتو بەرپرسی بەرزدا لەناو ئۆپۆزیسیۆن ئەوە ناشارنەوە کە شتێك نیە بەناوی پێشمەرگەو لەشکری نیشتمانی بەڵکو ئەوەی هەیە کۆمەڵێك هێزی چەکداری حزبن... ناشکرێ ئەو پرسیارەش نەکەین، ئایا ئەو هێزە پێشمەرگەیەی ئامادە بێ بچێتە سەر بارەگای هەندێك لەهێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنو بەچەکی قورس دەورەی بارەگاکانیان بگرێو دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بەکوشتنو تێهەڵدان کپبکات، ئایا هەر ئەو هێزە دەتوانێ پارێزگاری لە هەمان ئەو خەڵکەو خاکی وڵاتەکەیان بکات؟ ئایا دەکرێ هێزێك بێ بەداردەستی دەسەڵات لەکپکردنی ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان کەچی ڕوو لەدەرەوە ئەو هێزە ببێ بەئامرازی بەدەستهێنانو پاراستنی ئازادی هەمان خەڵك؟ دەشکرێ بپرسین ئەو پشتگیری کردنەی ئۆپۆزیسیۆن لە"پێشمەرگە" هی هەستو نەستێکی بێ بنەمای کوێرانە بوو یا هی عەقڵانیەتێکی سیاسی؟ من باوەڕم وایە هی یەکەمیانە نەك دووەمیان. بەڕاگەیەندراوێك هێزی پێشمەرگە لەئامرازی داپڵۆسینو بەرگریکردن لەعەرشی ستەمکار ناتوانێت ببێت بەئامرازی پاراستنی ئازادییەکانی خەڵك: بەڵێ دەتوانێ ببێ بەئامرازی زامنکردنی ئاسایشی دەسەڵاتێکی گەوجو گەندەڵ نەك پاراستنی ئاسایشی نەتەوەو تاکەکانی ئەو نەتەوەیە.

> هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەی لایەنەکانی دەسەڵات، کە زۆر جار لەموزایەدەیەکی ئەو لایەنو کەسانە تێپەڕ ناکات

دەکرێ هەندێك کەسو لایەن پرسیاری ئەوە بکەن ئایا گەر ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، نەچوایەتە ئەو کۆبوونەوەیە ئەی چی بکردایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زێتر لەگریمانە پێ هەڵدەگرێ تا شیکردنەوەی شتێك کە ڕوویدابێتو بیناکراو بێت لەسەر خوێندنەوەو تێگەیشتنی هەندێ هەلومەرج.

بەباوەڕی خۆم لەبری ئامادەبوون لەکۆبوونەوەکە، دەکرا بزاڤی گۆڕان لەئاستی بەرپرسە هەرە باڵاکانی وە لەپێش هەموویانەوە رێکخەری گشتی ئەو بزاڤە (نەوشیروان مستەفا) بەر لە دوو یا سێ کاتژمێر لەبەستنی ئەو کۆبوونەوەیە لەگەورەترین وە شایستەترین کۆنفرانسی میدیاییدا تەواوی بۆچوونو خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەو قەیرانە ڕاگەیاندایە وە لەپێش هەمووشیانەوە جەختکردنەوەی ئەوەی کە بەڵێ ئەو قەیرانەی نێوان هەولێرو بەغدا درێژکردنەوەو بەردەوامی قەیرانی سیاسی دەسەڵاتە لەناوخۆی کوردستان. جگە لەوەش بەڕوونیو بەڕاشکاوی هەر لەو کۆنفرانسەدا تەواوی بۆچوونەکانی گۆڕان لەمەڕ شێوازی 0چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەو نەخشەرێگای ئەو بزاڤە لەو بارەیەوە بخرایەتەڕوو. بەباوەڕی خۆم هەنگاوێکی ئەوها دەیتوانی: ١) ئەو بزاڤە لەئاستی موتەمەییز بوونو گەورەیی هەڵوێستی خۆیدا خۆی ڕاگرێ وە پێگەیەکی بەهێزتر بەدەستبهێنێت وە بیکات بەخاڵی لێوەدەرچوون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەری قەیرانو خەملاندنی رێگە چارەیەك؛ ٢) بەهەنگاوێکی ئەوها گۆڕان دەیتوانی خۆی بباتە سەرەوەی قەیرانەکە وە لەسەرەوە دەیتوانی هێما دیپلۆماسیو سیاسیەکان ڕوو بە دەرەوەی خۆیو دەرەوەی باشووری کوردستانیشدا بڵاوکاتەوە. بەڵام ئەوەی کرا پێچەوانەکەی بوو.

هەتا هەنووکە لەئاستی هەڵسوکەوتی دەسەڵات ڕوو لەقەیران لەگەڵ بەغدا، کەمترین بنەمای عەقڵانیەتو لێووردبوونەوەی سیاسیدا بەدی ناکرێ، زۆر بەتایبەتی هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەی لایەنەکانی دەسەڵات، کە زۆر جار لەموزایەدەیەکی ئەو لایەنو کەسانە تێپەڕ ناکات کە خۆیان سەرچاوەی ئەو گێژاوە سیاسیەن کە باشووری کوردستانی تێیدا گوزەر دەکا.

---

# عێراقی نوێ کوردستانی کۆن

د. دەرباز محەممەد



پاش پرۆسەی ئازادی عێراق (٢٠٠٣) زاراوەی عێراقی نوێ هاتە کایەوە، بەتایبەت ئێمەی کورد زۆر جەختمان لەسەر ئەم دەستەواژەیە دەکردەوە. عێراق لەچیدا نوێیە؟

ئەگەر عێراق لەماوەیەکی زۆر کورتدا، بەنەمانی دیکتاتۆرێك، نوێ بووبێتەوە، بەراستی ئەمە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە ئەوە دیکتاتۆرەکە نەبوو، عێراقی وێنا دەکردو گەلەکەی حوکم دەکرد، بەڵکو ئەوە گەلەکەی بوو دیکتاتۆرێکی وەکو سەدامی بەرهەم هێنابوو.

عێراق نوێ بوو، بەو پێودانگەی لەسەر بنەمای فرەیی سیاسی، لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگانەوە، سەرۆکەکان دێنە سەر حوکمو دەگۆڕدرێن، بەڵام دەرکەوت سندوقەکان ناتوانن سەرۆکەکان بگۆڕن، بەڵکو ئەوە سەرۆکەکانن ئەنجامی سندوقەکانی هەڵبژاردن، بەئارەزووی خۆیان دەگۆڕن.

عێراق نوێ بوو، بەو پێوەرەی پێکەوە ژیانی هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکەی (کورد، شیعەو سوننە) لەبۆتەی یەك نیشتیماندا، مایەی ڕەزامەندی هەمووان بێت، بەڵام دەرکەوت هەر پێکهاتەو ئامانجی خۆی هەیەو، دژە لەگەڵ ئامانجی ئەوی تر، یان ئەوانی تر.

عێراق بۆ ئێمەی کورد نوێ بوو، چونکە سەرۆکەکەی کوردە، کورد لەئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانەکەیدا، بوونی کاریگەری هەیە، بەڵام دەرکەوت، دەسەڵاتی سەرۆکەکەی تەشریفاتیەو لەسایەی سەرۆکە کوردەکەیدا، هێزی سەربازی بۆ کوردستان دەنێردرێتو هەڕەشەی جۆراوجۆریشی لێدەکرێت، بەڵکو سەرۆکە شیعەکەی هەموو دەسەڵاتەکانی هەیە، تەنانەت حکومەتو پەرلەمانەکەشی، بەزەبری هێز کۆنترۆڵ کردووە.

عێراق نوێ بوو بۆ ئێمەی هاوڵاتی کورد، لەبەر ئەوەی لەسایەی نەوتی عێراقدا، ئاشنا بووین بەماڵی کەشخەو ئۆتۆمبیلی لیکسزو گەشتی وڵاتان، بەڵام لەبیرمان کردبوو، دەکرێ لەچرکەیەکدا بکەوینەوە سەر ساجی عەلی.

> تەحەداکەی عێراق ئەوەیە، ئایە عێراق نوێیە، یان هەر عێراقە کۆنەکەیە، بەڵام دەرهێنەرەکەو ئەکتەرەکان گۆڕاون؟

تەحەداکەی عێراق ئەوەیە، ئایە عێراق نوێیە، یان هەر عێراقە کۆنەکەیە، بەڵام دەرهێنەرەکەو ئەکتەرەکان گۆڕاون؟

ڕووداوەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو دەریخست، بەشێکی زۆر کەمی عێراقی گۆڕاوە، بەڵام بەشە هەستیارەکەی، کە عەقڵیەتی حوکمڕانیە، هێشتا، نەك خۆی نوێ نەکردووەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشهاتە تازەکاندا بگونجێ، بەڵکو جەخت لەسەر میکانیزمە کۆنەکان دەکاتەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هێشتا عەقڵیەتی سەربازی، کەسە مەدەنیەکان ئاڕاستە دەکات، هێشتا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، بەم پۆستەیەوە زیاتر دەنازێو هەڵسوکەوت دەکات، نەك بەپۆستی سەرۆکی حکومەتێکی بەناو نیشتیمانیەوە.

دەبێ ئێمەی کورد خۆمان ساغ کەینەوە، ئایا دەمانەوێ عێراق نوێ بکەینەوە، بەرەو دیموکراتییەتی بەرینو، لەوێوە مافەکانمان لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتە قەیراناویە، بەدەست بهێنین؟ یان ئەوەتا خەونی ئێمە بەهێزکردنی کوردستانەو، مانەوەمان لەعێراقدا بەندە بەکاتو هەلەوە.

ئەگەر ئەوەی یەکەمیانە، ساوێلکەییو کاڵفامیە، بمانەوێ لەعێراقدا دیموکراتیەتی ڕاستەقینە بێتە کایەوە، عێراقێك کە هێشتا عەقڵی خێڵو حزبی خێڵو حکومەتی خێڵ بەڕێوەی دەباتو، تا دێت بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت.

خۆ ئەگەر ئامانجمان بەهێزکردنی کوردستانە، جیابوونەوەمانە لەو عێراقەی، بەردەوام مایەی کوشتنو نەهامەتیو سەرلێشێوان بووە بۆ ئێمە، ئیتر کاتو هەل لەمەی ئێستا باشتر کەیە؟! ئەوەتا تا دێت بەغدا بەهێز دەبێتو زیاتر خۆی پڕچەك دەکات، لەبەرامبەردا سەنگو قورسایی کوردستان تا دێت لاوازتر دەبێت لەچاو بەغدا.

ئەگەر ئەم سەرکردانەی ئێستای کوردستان بەتەمای ئەوەبن، تورکیاو ئێران ڕازی بکەن، یان ئەمەریکاییەکان پشتگیریمان بکەن، ئەوا هەزار ساڵی تر ئەوان بەم ئامانجەی ئێمە ڕازی نابن. خۆ ئەگەر بەتەمای بەغداش بن، دەرمان بکات لەعێراق، بێگومان بەغدا ئەوە ناکات، چونکە بەرژەوەندی بەغدا لەبوونی هەرێمی کوردیی لاوازدایە، نەك دەوڵەتێکی دروادسێی نەیار.

کاتی ئەوە هاتووە، سەرکردایەتی هەرێم، بۆ تەنها جارێك جورئەتی مێژوویی بداتە بەر خۆی، بەوردی بیر لەڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بکاتەوە، ئەگەر نا، ئەی سەرکردەکانی ئەمڕۆ، بۆ مێژوو، بۆ نەوەی داهاتوو، ئێوە بەرپرسن لە لەدەستدانی ئەم هەلە گەورەیە.